شیعر

# لێرە مێیەک بە ویساڵی شیعرم نادا

ئیسماعیل خورماڵی



خودایە وا دیسانەوە
تەپ و نمی ماچەو
هەڵکردنەوەی بای جووانییە و
خوڕەی ڕەنگەو خوڕەی گوڵە و
من هەردەم وەک سێوەری لا چەمێکی ئەوێ
وە گژوگیاو وە پوونگەی بێدەنگییەکی تەڕ خنراوە!
خودایە نوا دیسانەوە، تەپ و نمی ماچەو
هەڵکردنەوەی (با)ی جوانییەو
خوڕەی ڕەنگەو خوڕەی مەمەو
من هەر دەمم وەبێ دەنگی قوفڵەو
وە پوونگەی سەوزە پوونگەی فیرقەت خنراوە
ئەوەتانێ ئەی عەشرەتی عوشاقی خوا،
وەی یارانی ئەختەر نشین و زوهرەو زوحەلی خودا
ئەو دەروێشەی سەردەمانێ


نوێژی تاقە شیعرێکی لێ نەڕۆشتووە و نەفەوتاوە
ڕۆژێ تەزبیحەکەی لەخەتمی دوولبەر پەرستان نەوەستاوە و
ڕۆژێ لەسەر ئەسپی زکر هەڵنەگلاوەو
دەمی پڕ نەبووە لە بەیبوون و حاجیلەی کوفر
ئەلعانی خواش
ئەوێک بەو هەموو جەسوورەتی عەشقەوە
ئەوێک بەو هەموو فڕینی نیشتیمانی سازان هوە
ئەلعانی خوا
وەک بەلەمێکی کوون کەوتووی کەنار کەوتوو
ئاوی شیعر،
وەلای ناوە و
نوتقێ بە دوو لێوییا نایەو
وەک پەرەسێلکەیەکی لانە رماوی پاسار رماو
دێرێکی لێ هەڵنافڕێ و



وەک ڕۆژانی تەلا کۆڕی ئێوارانی ناوشار
ئەو ئێوارانەی تەنها گوێمان لە بانگی عەشق دەبوو
تەنها لەبەردەم گوفتی سەندراکاندا دەخەنین و دەنوشتاینەوە
تەنها وەلیمۆی کەنیشکەکانی ئەوێ،
ئەو کەنیشکانەی لە چڵ و شەتڵی ئاگر دەچوون
ئاو دەرژایە سەرمان
ئاو دەزایە دەممان
بە هەمسی وان دەبووین بەژێر مەوجی ختووکەوە
ئێستەش وەک بێژی، پرسەی کۆڕی جوانییەو
خەزەڵوەری حەشامەتە
وا بەم هەمکە شیعری هیجرەتەوە

ئێوارەیەک
لەناو هەوری ئاپوورەوە
هەتاوی ڕوانیینی شەمێ
چاوێ،
مەمێ
نایدزێ و
دوای فیرقەتی ئەو هەموو ساڵە بەژەنگە
زەردەپەڕی مێیەک نایەو
مەخلووقێ لە هاوچڵانی سازان نایەو
هەر نەبێ نا، بایەک، بایەکی خوایی
دەسڕی نهێنی ئەو هەموو بێ دەنگییەی ناباو
دەستێ،
بەسەر ڕەفەی ئەو هەموو جنوون و مەتبوونەوە،
دەس ناکێشێ و
دەسناکێشێ و
نەیی و نەیجەی،
نەیسانێکی گوڵعوومەری پێناوەخشێ و
هەر نەوێ و نەوێ و نەوێ نا،
بەو نەیەی بەر پشتوێنی لای خۆیەوە
سۆزێ، لەئاهی خۆی پڕکاو
مەیلێ وەپایزی خورماڵ بەخشێ
مەیلێ وە وڵاتی عەشق بەخشێ
ساڵگەرێکە ئەی عەشرەتی عوشاقی خوا
ئەی عەشرەتی عوشاقی گوڵ چامەو قەڵەم
هەر ڕۆژێ (عەشقە) دێ و

هەر ڕەشبەڵەكی هەنارو پەنجەیە دێ
هەر شیعرەو دەبێ بە خێوەتی گۆرانی و
لێ ئەو، مەرگ بەخۆی
هەر هەر دەمی قوفڵە و گازەن
هەر دەستی وا بەبەدۆكی قەڵەمەوەو
هەنار لەچاوی كوڕوكاڵی ڕۆژنامە دەدزێتەوەو
گوێزی تەڕ و بەیتی تەڕی،
لە سێوەری كۆڕ و گۆواران دەدزێتەوەو
مێ نییە و
شەم نییە و
بەلاَم بەلاَم
نازی شیعری
بە شەرابی
كۆنە گۆزەی كۆنە ساڵان دەفرۆشێ و
مێ نییە و
شەراب نییە و
بەلاَم
سەری شەربەی كۆنە خەمی،
بە سەری خۆی چنگ ناكەوێ و
لاسكە هەواڵێكی،
لەگوێ سەكۆی هیچ لایەك شین ناوێ
یاران.. ئەو هێن بێ دەنگ و خامۆشەن
خامۆش
خامۆش
هەتا بەگۆڕ غەریبێكیش ناوەزەن ناوێ!



مەرگ وەخۆم
جوداییتان یاران
(سێوەر) سانی (قەور)سانەو
(عەزاو)سانی قەورسانە
ئامانتان بم،
وەی گوڵخەنەرانی وڵات ، بموەخشن سا
گەر عەیامێکی سیا عەیام و تاڵە
ئاونگی شیعرم نەدابێتە چیمەنی خوێندنەوەتان،
یان وردە ماسی ختووکەی حەرف و
سیمی کراسی چامەو
قاوەی گەرمی وێنەی جوانم
پێ نەدابن و
لە تەگ سوبحی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکدا
من چایەکی بە هاڵاوی
سەر مقەڵی چایخانە دەسگێڕەکانم
لەبەردەمدا
دانەنابن و
یانە یاران ئێوارەیەک
بە کەبابی، ئێوارەیەکی بەهمەن و پڕ لەپرووشەوە
نانی چەور و
ترشی بەیت و
جامێ ترشیاتی خۆمانەم
لەبەردەم دا دانەنابن
دەمبوورن یارو یاوەری شیعر
زەمانێکە

وەکو جاران
کۆلارەی شیعر هەوای ئاسمان نادەم و
وەکو با بە دووی مەلەکی دەغلا هەڕا ناکەم
چیبکەم یاران لێرە مێیەک
بە ویساڵی شیعرم ناداو
لێرە مێیەک
وەبورەکانی عیشقم نادا
خودا خۆم ڕۆ
خۆم لە گوڵخانەی مەکر و فڕین نایەدەر
خۆم لەچاوی سییا چاوان کێشایە دەر
خودا خۆم ڕۆ
چۆن گڕم لەخەرمانی هەنارستان ناو
مەقەستم لە باڵی فڕینی قەڵەم ناوە
ڕێی تەواشای شارم وەبەردی دۆزەخ کەڵەک کردو
وە کوفری ئەم هیجرەتە من چۆن تێکەوتم و
توانیم پشت لەئایەی ژووان و
پشت لە ژووانی نازۆڵانی شارەکەم کەم
خودا هاوار
ڕەش بوومەوە لە هیجری شار
ڕەش بوومەوە بە تەنیایی
ڕەش بوومەوە وەبێ دەنگی
خودا خۆم ڕۆئێرە بۆ من
عەیشی چ بیابانێکە

